بارزانی و عەلاوی پرسی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و قەناغی دوای هەڵبژاردنیان تاوتوێ کرد



سەرکی هەرێمی کوردستان و سەرکی بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانیی عێراق، لە دیدارێکدا دەخی سیاسیی عێراق و سیناریۆکانی قەناغی دوای هەڵبژاردنیان خستە بەر باس و جەختیان لە گرنگیی گفتوگۆی نێوان لایەنەکان کردەوە.

ئەوارەی ئەمڕۆ دووشەممە 24ـی تشرینی دووەمی 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە دکتۆر ئیاد عەللاوی، سەرکی بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانیی عێراق و شاندەکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا بە وردی تیشک خرایە سەر دەخی گشتیی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و خوێندنەوە بۆ دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرا. هەردووڵا بیروڕایان لەبارەی کاریگەریی ئەنجامەکان لەسەر نەخشەی سیاسیی داهاتووی وڵات ئاوگۆ کرد.

تەوەرەکی سەرکیی دیکەی دیدارەکە تەرخان کرا بۆ تاوتوێکردنی سروشتی گفتوگۆ و دانوستانی نێوان لایەنە سیاسییەکان.

لەم چوارچێوەیەدا باس لەو هەنگاوانە کرا کە پێویستە بنرێن بۆ ئاماستەی پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی فیدراڵی لە عێراق، بە شێوەیەک کە وەاڵمدەرەوەی قەناعەکە بێت.